## ڕۆمان نووسی تورك (ئۆرهان پەموك ) ڕوبەرووی سێ ساڵ زیندانی دەبێتەوە !

و: ناسیار عەول
nasyarewl@yahoo.com

ئەنقەرە : (Reuters) باشترین فرۆشی کتێب ، ڕۆمانستی تورك (ئورهان پەموك ) ڕوبەرووی تا سێ ساڵ زیندانی دەبێتەوە لە سەر پشتگیری کردنی لەمەسەلەی ئەرمەنیەکان کە 90 ساڵ پێش ئێستا لە سەر دەستی تورکیای عوسمانی ڕووبەڕوی جینۆساید بوونەتەوە .



هەروەها داواکاری گشتی دادگای تورك خەریکی لێکۆڵینەوەن لە سەر لێدوانەکانی پەموك کە دەڵێ لەم دووایەنەدا لە تورکیا نزیکەی 30 هەزار کورد کوژراوان لە پێکدادانەکانی نێوان جودا خوازەکان و هێزی سوپای تورك دا .

بڵاوکراوەی(ILETISIM) لە ووتارێکدا کە بۆ ڕۆیتەری فاکس کردووە ڕایگەیاند (( داوای قەزائی بەرز کراوەتەوە دژی ئۆرهان پەموك کە لەوانەیە بگاتە ئەنجامی سێ ساڵ زیندانی )).

پەموك لێدوانەکانی خۆی دەربارەی ئەرمەنیەکان و کورد لە کاتی دیمانەیەکدا کە لە فێبرەوەری 2005/6 لە گۆڤاری(DAS) کە پاشکۆیەکی هەفتانەی ڕۆژنامەی سویسری( Tages Anzeiger) بڵاوکراوەتەوە.

(( 30 هەزار کوردو یەك ملیۆن ئەرمەنی لەسەر ئەم خاکە کوژراون ، بێجگە لە من کەسی تر ناوێرێ باسی لێوە بکات )) ئەمە چەند لێدوانێکی ئیقتیباس کراوی پەموك ە لە کاتی دیمانەکەدا .

لێدوانەکانی پەموك کاردانەوەیەکی زۆر تورەی لە لایەن نەتەوەچیەکان و سیاسەت مەدارانی تورك دروست کردووە ، تەنانەت نووسەر ئۆرهان پەمووك هەڕەشەی کوشتنی بە دەست گەیشتووە لە لایەنێکی نەناسراوەوە .

بڵاوکاری-( ILETISIM) توگرۆڵ پاشائۆغلو بە ڕۆیتەرسی ڕاگەیاند کەداواکاری دادگای گشتی لە ناوچەی شیشلی لە ئەستەمبوڵ ، قسەکانی پەموك ی بە پێشێلکاری لە یاسای سزای سەر لەنوێ تەعدیل کراوی تورکیا لە قەڵەم دا ، کە سوکایەتی کردن بە ناسنامەی تورکی بە تاوان دائەنرێ .

پاشائۆغلو ووتی یەکەم جەلسەی دادگای کردنی پەموك لە دیسەمبەری 16 ە دەست پێ دەکات .

مەسەلەی هەستیار

ئەنقەرە نکۆڵیەکی زۆر ماوە درێژی هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەرمەنیەکان کارەساتی جینۆسایدیان بەسەر هاتووە ، یان بە پێ ی شێوازێکی میتۆدی کوژرابن بە دەست عوسمانیەکان لە کاتی و لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا ، تورکیا ئەڵێ ئەرمەنیەکان قوربانی شەڕی پارتیزانی بوون کە هەروەها زۆرێك لە تورکە موسڵمانەکانیش تیایدا ژیانیان لە دەست دا .

هەروەها تورکیا زۆر حەساسە بە باس کردنی مەسەلەی کورد کە هێزی سوپای تورکیا لە ساڵی 1984 وە لە شەڕدایە لە گەڵ گەریلا جوداخوازەکان لە ناوچە هەژارەکانی باشوری ڕۆژهەلاتی تورکیا ، کە دوای ماوەیەك لە خامۆشی شەڕو پێکدادان لەم ماوانەی دواییەدا هەڵگیرسایەوە .

هەروەها پەموك زۆر ناسراوە بە نووسەری ڕۆمانی مێژووی سەردەمی تورکیای عوسمانی ، وەکو ڕۆمانی(( ناوی من سوورە )) هەروەها (( قەلای سپی )) ، ڕۆمانی ئەم دواییەی (( بەفر )) تەئەمولێکە لە سەر ئەوین و سیاسەت لە تورکیای مۆدێرن دا .کتێبی (( ئەستەنبوڵ )) ی ئۆرهان پەموك یادوەریەکی شەخسیە لە سەر گەورەبوون لە شارێکی گەورەی بێ سەرو بەری تورکیادا .

کتێبەکانی پەموك بە شێوەیەکی بەربڵاو وەرگێردراون بۆ ئینگلیزی و چەندەها زمانی بێگانەی تر .

دادگای کردنی ئۆرهان پەموك شەرمەزاری بۆ حکومەتی تورکی دروست دەکات لە کاتێکدا خەریکی خۆ ئامادە کردنە بۆ دەربڕین لە سەر چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا لەسێ ی ئۆکتۆبەری 2005 .

یەکێتی ئەوروپا دەڵێت دەبێت ئەنقەرە لە پێوەرو ئاکاری ئەوروپا بگات لەسەر ئازادی بیروڕا دەربڕین .

**سەرچاوە**

THE EPOCH TIMES/SEPTEMBER8-14,2005/P13